## چیرۆك

# مام وەسمان

عەبدولسەتار تاهیر شەریف

مام وەسمان پیاوێكی ڕیش سپی باڵا بەرز بوو ، تەمەنی لە دەوروبەری پەنجا ساڵی تێپەر نەبوو بوو ، كە دەڵێم پەنجا ساڵی لەبەر ئەوەی دانیشتووی لادێ بوو ، لەكاتی لەدایكبوونی ناو نووس نەكرابوو ، تەنیا بەرەنگوڕوو تەمەنی دەزانرا ، خۆ لە وانەشە چڵ ساڵی ڕەت نەكردبێ ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەردەسەری زۆر دیوە ، وای لێ كردووە كە نەزاندرێ تەمەنی چەندە ·

خێزانەكەی مام وەسمان لە خۆی گەنجتر دیار بوو ، دوور نی یە پانزدە ساڵ لەو منداڵتر بووبێ ، ناوی نازدار بوو ، تا بڵێی ژنێكی ژیرو هێمن جوان بوو ، ئەمیش وەك مام وەسمان باڵا كەڵەگەت ، بە ڕاستی نازداریش بوو ·

ماوەیێكی زۆر بوو بە حەسرەتی منداڵێكەوەبوون كوڕ بێ یان كچ ، ئەوە بوو پاش دە ساڵ منداڵێكیان بوو ناویان نا چالاك ، باوكیو دایكە شەو ڕۆژ چاویان بە دوای چالاكەوە بوو ، چونكە تاقانەیان بوو ، چالاك منداڵێكی زیتەڵەو چالاك بوو ·

مام وەسمان لەگەڵ خێزانەكەی لە دێیێكی بچووكی لاتەریك لە پاڵ چیایێك بوو ، دێیەكەیان لەبەر ئەوەی لە شوێنێكی چەپەك بوو ڕێبواری بەسەرداتێپەڕ نەدەبوو تەنیا مەگەر یەكێك خۆی بیویستایە بچێ بۆ ئەوێ ، وە یان ڕێگەی وون بكردایە ·

دێیەكەیان وەكو هەموو دێیێكی كوردستان لە هەرێمی كوێستان چەند كانی‌یە ئاوێكی ساردو ڕۆشن لە دەوروپشتی بوو ، هەروەها دیارە لە كۆنەوە دانیشتوانی دێیەكە ئەم شوێنەیان دیاری كردووە كە لێ دابنیشن لەبەر ئەو كانی‌یانەو بوونی هەندێ دارودرەخت لە دەوروپشتیانا ·

دێیەكە بریتی بوو لە چەند ماڵێك كە هەموویان لە پەنجا كەس تێنەدەپەڕین ، جگە لەوەی هەموو ئامۆزاو برازاو خزمو كەس‌وكاری یەكتریش بوون ·

بەم ڕۆژگارە خەریكی بەخێوكردنی مەڕو ماڵات بوون ، لەگەڵ پەروەردەكردنی چەند ڕەزە ترێ‌یەك لە دەورو پشتی ئاوایی‌یەكەیان · بێ‌گومان لە دێیێكی وا بچووكو دوور لە شارستانی‌یەتی ڕەوشتو خووی كوردەواری خۆی لە هەموو شوێنێكی‌تر زیاتر دەپارێزێ · پیاو و ژن ، گەورەو بچووك هەموو پێكەوە لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆر ئاوا ئیشیان دەكرد ، هیچ جیاوازییێك نەبوو لە نێوان پیاو و ژن ، بەڵكو هەردووك وەك یەك خەریكی ماڵداریو منداڵ بەخێوكردن بوون · جگە لەوەی هەر خێزانێك لە پارچە ڕەزێك و چەند دۆنمە زەوییێك زیاتری نەبوو ، كە هەر یەكە بە بەرد شوورەیێكی بە دەوری زەوییەكەدا ڕاكێشابوو ، زەوی‌زاریان تەنیا بایی ژیانی خۆیان بوو ، ئەمەش زیاتر بوو بووە هۆی هێمنیو برایەتیو ئاشتی لە نێوانیاندا ، كەس ئاغاو كوێخای كەس نەبوو لە دێیەكە كە ئاژاوەو دووبەرەكی دروست بكا لە نێوانیاندا ، پاشان بەرهەمی ڕەنجیان بخوا ·

زۆر جاریش بە دەم بەستەو مەقامو حەیرانەوە كچو كوڕ بە جووتە هێشووە ترێیان لە ڕەزەكانیان دەچنیو ئامادەیان دەكرد بۆ فرۆشتن یان لە دوورەوە چاوت بە یەكێك لە ترێ فرۆشەكان دەكەوت لە دێهاتەكانی گەرمیانەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی بەرەو دێیەكەیان دەگەڕانەوە پاش فرۆشتنی ترێكەیان بە گەنمو جۆ ، بە دەم گۆرانی‌یەوەو بە بزەو پێكەنین لەگەڵ دەمی خۆرئاوا دەگەیشتنە ماڵەوە ·

وا دیارە لەو دێیانەی كە لە ناوچەی شاخاویو كوێستانن ، لە بەر كەمی زەوی‌وزار ڕێگەی چاندنی گەنمو جۆیان نی‌یەو وەك كوردەواری خۆمان دەڵێن وولاتی ( فەلاحەت ) نی‌یە ، بۆیە تەقەلا دەدەن بۆ گۆرینەوەی میوە بە دەغڵ ، زەخیرەی خۆیانو دانەوێڵەی ماڵاتەكانیان بۆ زستان كۆبكەنەوە · جاری وا هەیە ترێكانیان سەربەسەر بە گەنم دەفرۆشن جاری واش هەیە یەكو دوو بە گەنمی دەدەن ، ئەمەش لەسەر بازاڕی ترێو گەنم وەستاوە ·

ئەم جۆرە ژیانەش لە لادێدا زیاتر بۆتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەوەندە بیر لە پارەو پوول نەكەنەوەو خاوەن دەروونێكی فراوانتر بن لە دانیشتوانی شارەكانو بە پێویستێكی زۆر كەم لە ڕووی ژیانەوە گوزەران بكەن ·

مام وەسمانو نازدار ڕەزێكی بچووكی ترێیان هەبوو لە پشت ئاوایی ، لەگەڵ دە پازدە سەر بزن كە ژیانیان پێ‌ی هەڵدەسوورا ·

ئێوارەیێك لەسەر سەكۆی ماڵەوە دانیشتبوون ،

چالاکیش تەمەنی گەیشتبووە دە سالی · چاوەڕێی ئەوەبوون نانی ئێوارە ئامادە بکرێو بیخۆن ، لە ناکاو دوو چەك بە شان کردیانە ژوورەوەو سلاویان لە حازری کرد ·

مام وەسمانیش هەستایە سەرپێو بە خێر هاتنیانی‌کرد لەگەل نازداری خێزانی · بە بێ‌پرس‌و وەلام نازدار پەلاماری کەلەبابێکی‌داو سەری‌بڕی‌و خۆی خەریك‌کرد بە ئاوەرووت‌کردنیەوە ·

میوانەکان ووتیان :

— دایە گیان ، ئەم زەحمەتە بۆچ ، ئێمە ڕێبوارین و تیکە نانێکمان بدەنێو ئەڕۆین بە ڕێوە ·

نازداریش لەسەر خۆ ووتی :

— ئێ ڕۆلە خۆ مەرمان لەژێر پێتانا سەرنە بڕیوە ، ئەبێ تیکە نان لەمە کەمتر چی بێ ·

مام وەسمانیش هاتە وەلام‌و ووتی :

— کوڕم بەم ئێوارە درەنگە بۆ کوێ دەڕۆن ، دێی نزیك لەم دەوروبەرە نی‌یە ، شەویش تاریکە شەوە ، ئیمشەو لای باوکو دایکی خۆتانن ، بە بێگانەمان مەزانن ، هەموو کوردین‌و برای یەکین ، با ئیمشەو پێکەوە شەو بەرینە سەر ·

چالاکیش لە تەنیشتەوە وورد وورد سەیری تفەنگەکانیانی دەکرد ، وا دیار بوو زۆر حەزی لە چەك دەکرد ، لە دلی‌خۆی‌دا لێکی‌دەدایەوە ، ئایا دەبێ کەی گەورە بێ وەك میوانەکانیان بتوانێ تفەنگ هەلبگرێ !

یەکێ لە میوانەکان باوەشی بە چالاکا کردو ئەم‌لاو ئەولای ماچ‌کردو دوو فرمێسکی گەورە بەسەر ڕوومەتیا هاتنە خوارێ · چالاك سەری سوڕما ، ئایا بۆچ ئەگری ؟!

مام وەسمان دنیای زۆر دیبوو ، کارەساتی زۆر بەسەر هاتبوو ، لە دەمو چاویا هەزارو یەك مەتەل‌و بەسەرهاتت دەخوێندەوە ، لەسەرخۆ ووتی :

— برای باش سخلەت مەبە ، چالاکیش کوڕی تۆیە ، وا دیارە بیری مندالەکانت دەکەی ·

میوانەکە هاتەو وەلام‌و ووتی :

— مام وەسمان چۆن دەزانی مندالم هەیە ؟

مام وەسمان بە نەرمە پێکەنینێکەوە ووتی :

— کوڕم ئەو فرمێسکانەی ڕشتت ، ئەو ڕەنگە سوورەی زەرد هەلگەڕا ، هەموو نیشانەی باوکێکی دلسۆزە بۆ ڕۆلەکانی ، بەلام ···

— بەلامی چی مام وەسمان بۆ قسەکەت تەواو نەکرد ؟

— وا بزانم ڕۆلەکەم لێرە بوەستین باشترە ··· ئا ··· نازدار چیت‌کرد ؟ میوانەکان برسی‌یانە ، زوو فریا کەوە ·

زۆری پێ‌نەچوو نازدار کاسەیەك دۆی ساردی نایە بەردەم میوانەکان‌و نانی ئامادەکردو مەسینەی ئاوی هێناو دەستی میوانەکانی شوشت · لە کاتی نانخواردن کەوتنە گفتوگۆ و یەکتری ناسین · یەکێ لە میوانەکان ووتی :

— مام وەسمان ناوم مەلا قادرە ، خەلکی دەورووپشتی شوانم ·

ئەویتریان ووتی :

— من ناوم مەلا بایزە ، خەلکی دەشتی هەولێرم ، مام وەسمان لەسەرخۆ قسەی دەکردو جارناجاریکیش دەنگی هەلدەبڕی‌و دەی ووت :

— نازدار ، چالاك هەندێ ترێی باش بشۆنەوە ، وادیارە میوانەکانم گەرمیانین‌و تریش میوەیێکی باشە بۆ میوانی گەرمیانی ·· بەلام دوابەدوای ئەوەش چایێکی باشمان بۆ لێبنێن نەبادە میوانەکان سەریان ژان بکا لەبەر بێ چایی ·

مەلا قادر ووتی :

— ئەی هەزار ڕەحمەت لە بابو باپیرت مام وەسمان ، چۆن زانیت سەرمان دێشێ ·

— کوڕم لێم‌مەپرسە چۆن زانیت‌و چۆن دەزانی ؟ سەیرم مەکە لادێیم لەم کوێستانە دوورە دەژیم ، ژیان زۆر شتی فێرکردووم ، یەکێ لەوانەی ژیان فێری‌کردووم ئەوەیە کە دەزانم ئێوە هەردووکتان مەلانین‌و ناویشتان قادرو بایز نی‌یە ! بەلام حەقتانە !

مام وەسمان هەندێ داماو دەستی نایەبەر ناوچاوانیەوە · مەلا قادرو مەلا بایزیش هەردووك سەیری یەکتریان دەکردو سەریان سوڕمابوو لە لە قسەکانی مام وەسمان ·

— ئایا دەبێ بیانناسێ ؟

نەخێر باوەڕیان وابوو لەم ناوچەیە کەس نایانناسێ ، ئەی باشە خۆ مام وەسمان هەر لە خۆیەوە ووتی ئێوە نە مەلان‌و نە قادرو نە بایزن !

مەلا قادرو مەلا بایز خەریکی لێکدانەوەی قسەکانی مام وەسمان بوون ، هەریەکە بە جۆرێك خەریکی لێکدانەوەی قسەکانی مام وەسمان بوو لەگەل خوی‌دا ·

لە کاتێکدا هەر دووکیان دامابوون ، مام وەسمان کەوتە قسەو ووتی :

— کوڕم ئەوە بیرلەچی دەکەنەوە ! پێویست ناکا خۆتان لە من بگۆڕن ، من وەك باوکتانم ، جگە لەوەی وابزانم ئەوەی لە مێشکی ئێوە دەخولێتەوە لە مێشکی منیشن هەر ئەو شتە دەخولێتەوە ، بەلام ، لەگەل جیاوازیێکی زۆر لە نێوان جۆری بیرکردنەوەمان هەریەکە بە جۆرێك پلان دادەنێ بۆ گەیشتن بە ئاواتی ، لەوانەیە هیچ

جیاوازییێکمان نەبێ لە مەبەست ، بەلام جیاوازییێکی زۆرمان هەبێ لە کەرەستە ، لە جۆری دۆزینەوەی ڕێگای کورتو ڕێگای ڕاست بۆ گەیشتن بۆ شوێنی مەبەست .

مام وەسمان هەناسەییێکی هەلکێشاو ووتی :

— ئەو ڕێگایەی ئێوە گرتووتانە ، بەندە پانزدە سال لەمەوپێش گرتمەبەرو پێدا ڕۆیشتم ، بەلام کاتێ چاوم کردەوە ، کاتێ هۆشم هاتە سەرخۆ ، سەیرم کرد گەڕاومەتەوە ئەو جێگایەی لێی کەوتبوومە ڕێ پێش پانزدە سال ! لەوانەیە سەرتان سوڕ بمێنێ لە قسەکانم ، بەلام ڕاست دەکەم ڕاستیش ئەمڕۆ گرانە لەسەر زار ، بە ڕاستی کوڕەکانم نامەوێ هیچتان لێ بشارمەوە بۆیە پێم خۆشە باش گوێ ڕاپەل بن ، ڕێگاکە دوورو سەخت بوو ، پڕ بوو لە ئازارو تالی خۆ لەوانەش بوو بگەینە جێگای مەرام ، بەلام ... مام وەسمان پاشان هەناسەیێکی درێژی هەلکێشاو لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو ووتی :

— بەلام خوا « نالە »و « قالە » بگرێ لەگەل ئەو مارو دووپشکانەی دەوریان‌دابوو . کە سەریان لێ‌شێواندینو ڕێگای نزیکمانیان دوورتر کردەوە ، ئەو تۆزە هیوایەی بووشمان خەریکن یەکجاری بیکوژیننەوە ... پێشینان ووتویانە زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە .

هێشتا مام وەسمان لە قسەکانی نەبووبووەوە مەلا بایز ووتی :

— مام وەسمان هەر چەندە ئێمە لە جەنابت کجکەترینو دە یەکی تۆمانیش دەردەسەری نەدیوە لە ژیاندا ، بەلام سەرەڕای ئەوەش بەشی خۆمان ناخۆشیمان دیوە ، بێ باکین لە هەموو جۆرە ناخۆشییێکی‌تریش کە دێتە ڕێگامان لە پێناوی مالو مندالمان ، لە پێناوی دوا ڕۆژی هۆزەکەمان .

— کەس نەی گوتووە بێ باك مەبن لە پێناوی هۆزەکەتان .

مام وەسمان بەم قسەیە بەرپێچی قسەکانی مەلا بایزی دایەوە :

— ڕۆلەکانم مردن لە پێناوی بیروباوەڕ ژیانە ، بەندە ئەو کەسانەی لە پێناوی هۆزەکەیان دەمرن بە زیندوویان دەزانم لە دلی میللەتا . کەمێ ووردبن لە قسەکانتانو لە جۆری بیرکردنەوەتان ، داوام لێتان‌کرد کە گوێ‌ڕایەل بن لە قسەکانم ، هیچ مەبەستێکم نی‌یە سوودی ئێوەو هەموو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو دلسۆز نەبێ وا بزانم بە چاوی خۆتان وەزعی نالەباری براکانتان دەبینن لە دەورو پشتتان ، لە وولاتە دراوسێکانمان ، نابێ خۆمان گیل بکەینو لەمەزیاتر هەلخەلەتێن ، پێشینان ووتوویانە : « ئەگەر جارێ هەلتخەلەتاندم خوابتگرێ ، ئەگەر دووجار هەلتخەلەتاندنم خوا بمگرێ » . یان وەك پێغەمبەر ووتوویەتی : « پیاوی خاوەن باوەڕ لە کونێکەوە دووجار پێیوە نادرێ » . وابزانم ئیتر بەسە ، لەمەزیاتر دوای کلاوی بابردوو نەکەوین . ئەو دۆستانەی پلانو ڕێگامان بۆ دادەنێن ، ئاشکرایە گورگن لە پێستی مەردا خۆیان حەشار داوە . ئەگینا بۆ چاوێکیان لە ئێمە نەبوو ! یان بۆ لە وولاتەکانی خۆیانا تەنانەت زمانی زکماکمانیان قەدەغە کردووە .

هەموو لە یادمانەو هەرگیز لەیادمانیش دەرناچێ کە کێ گولە گەشاوەکەی « م »ی لەناو بردوو سیسی‌کردەوە . کێشە ئەمڕۆ خەریکی یەکجاری لە ناوبردنی کورپەی گەلەکەمانە ، هەرچەندە بیری لێدەکەمەوەو دەیهێنمو دەیبەم لەوە زیاتر نابینم کە دەبێ هەموو خەریکی گەشەپێدانی گولە کورپەکەمان بین دەوروپشتی بژاربکەین لە دڕكو گیای بێ‌سوود ، هەر چەندە ئەمڕۆ لاوازو سیسو کەم‌بۆنە ، بەلام جێگای هیواو ئومێدە ئەگەر هەموو خۆمانی پێوە ماندوو بکەین .

بەم جۆرە مام وەسمان لەسەر قسەکانی دەرۆیشت چاویشی پڕ فرمێسك ببوو ، هەولیشی دەدا فرمێسك نەرێژێو نەداتە قولپەی گریانو لە لاییکی‌تریشەوە نازداری چەند جار مال سووتاو وەك دایکێکی دەروون سووتاو بۆ ڕۆلەکانی دەینواڕیە هەرسێکیان گوێی شل‌کردبوو بۆ قسەکانیان . هەروەها چالاکیش بە چاوێکی پڕ لە هیوا بە دواڕۆژێکی پڕ لە خۆشیو کامەرانی سەیری باوكو میوانەکانی دەکرد .

پاش کەمێ بێ‌دەنگی ، مەلا بایز ووتی :

— مام وەسمان ئێستاش هیچ‌نەبووە ، وابزانم ماوە ماوە بیر لەمە سەلەکە بکەینەوە . قسەکانت هەمووی ڕاستەو لە جێگای خۆیەتی ، ئەمشەو ڕۆژ لێرە دەکەینەوەو سەرلەنوێ بیرێك لە مەسەلەکە دەکەینەوە .

مەلا قادریش خۆی پێ‌نەگیراو بە دەنگێکی بەرز ووتی :

— بەلێن بێ‌مام وەسمان نەبمە داردەستی بێگانە ، هەرسبەی بگەرێمەوە کورپە ساواکەمان ، کورپەی گەلە هەژارەکەمان لەگەل هەموو نیشتمانپەروەرێك بیپارێزم هەتا هەتایی .